حكومة اقليم كوردستان/ العراق
وزارة الصحة
المديرية العامة لصحة اربيل
المديرية التخطيط
شعبه دراسات العليا

حکومەتی هەرێمی کوردستان / عێراق
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان
هۆبەی خوێندنی باڵا

Kurdistan Region Government/ Iraq
Ministry of Health
General Directorate of Health – Erbil

ژمارە: / العدد: ٢٩٨٢
رێکەوت: / / التاريخ: 2019/ 3 /٢

پێشمەرگە سیمبولی نەتەوەیی و پارێزەری کوردستانە

## بۆ / گشت بەرێوەبەرایەتی و نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکانی سەر بە بەرێوەبەرایەتیمان

## بابەت / گشتاندن

ئاماژە بە نوسراوی ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆریە پزیشکیەکان ژمارە ( 291 ) لە ( 2019/2/27 )
ئاگاداری هەموو پزیشکانی سەر بە بەرێوەبەرایەتیەکەمان دەکەینەوە ئەوەی ئارەزووی خوێندنی هەیە لە (بۆردی کوردستانی) بۆ سالی خوێندنی 2019- 2020 دەتوانن داواکاریەکانیان پێشکەش بکەن بۆ بەرێوەبەرایەتیەکەمان لە بەرواری 2019/3/3 تاکو 2019/4/18

بۆ زانیاری زیاتر و زانینی مەرجی پێشکەش کردن سەردانی مالپەری بەرێوەبەرایەتیەکەمان بکەن بە ناو نیشانی ( **www.dohhawler.org** ).

لەگەل رێزماندا

**تێبینی :**

**پێشکەشکار پێویستە ئەم فۆرمانەی لای خوارەوە دابین بکات لە رێگای مالپەری سەرەوە .**
1- **فۆرمی داواکاری پوختەی راژە.**
2- **فۆرمی لاری نەبوون .**

دکتۆر
سامان حسین بەرزنجی
بەڕێوەبەری گشتی

٢/٢
وێنەیەک بۆ :
- نوسینگەی بەرێز بەرێوەبەری گشتی / بۆ زانین لەگەڵ رێزماندا .
- بەرێوەبەرایەتی پلان دانان / هۆبەی خوێندنی باڵا / بۆ زانین لەگەڵ رێزماندا .

هەرێمی کوردستان
هەولێر-چوارپانی بارزانی نەمر
نورماڵ : 2238016- 2230404-2230401 (066)
مۆبایل : 009647501561162

Kurdistan Region
Erbil-Barzani Namr Q.
E-Mail: info@dohhawler.com
Website: www.dohhawler.org

أقليم كوردستان
اربيل-تقاطع
البارزاني الخالد

No:
Date: / / 2019

ژمارە: ٢٩١
ڕێکەوت: ٢٧ / ٢ / 2019 زاینی
/ / کوردی

بۆ/ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی / توێژینەوەو پلان دانان
وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی کارگێری

بـ/ وەرگرتنی دۆکیومێنتی ئارەزوومەندان بۆ خوێندن و ڕاهێنان لە ئەنجومەنەکەمان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠

ئاگاداری بەڕێزتان دەکەینەوە کە ئەنجومەنەکەمان دەست دەکات بە وەرگرتنی دۆکیومێنتی ئەو بەڕێزانەی کە ئارەزووی خوێندنیان هەیە لە ئەنجومەنەکەمان دەتوانن بەڵگەو دۆکیومێنتە داواکراوەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی تۆمار بکەن لە بەرواری ٣/٣/ ٢٠١٩ تاکو ٢٠١٩/٤/١٨

لەگەڵ ڕێزدا.

هاوپێچ/ وێنەیەک لە مەرج و بەڵگەنامە داواکراوەکان (٤) لاپەرە

پ.ی.د. سلیم سعید قادر
سەرۆکی ئەنجومەنی کوردستان
بۆ پسپۆڕیە پزیشکیەکان بە وەکالەت

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر ........... لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن......لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی تۆمار.
- دەرکردە.

**مەرجە گشتیەکان:-**

١- بڕوانامەی دەرچوون بە نمرە پەسەندکراو بە زمانی ئینگیلیزی.

٢- بڕوانامەی دەرچوون دیوار (الشهادة الجدارية) بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی بۆرد یاخود بڕوانامەی دەرچوون کە پێشکەشی پسپۆڕی ورد دەکەن.

٣- هێنانی نووسراوی لاری نەبوون و پوختەی ڕاژە لە وەزارەتی تەندروستی , وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی یاخود وەزارەتی پێشمەرگە کە ماوەی پزیشکی خولاو (الاقامة الدورية) بۆ دوو ساڵ و کارکردنی لە دەرەوەی شار (الخدمة في القرى و الارياف) بۆ ماوەی یەک ساڵ تەواو کردبێت وە بۆ پزیشکانی ددان یەک ساڵ خزمەتی پزیشکی خولاو و یەک ساڵ لە دەرەوەی شار کاری کردبێت.

٤- بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت بە گوێرەی ڕێنمایی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پسپۆری ورد دەگرێتەوە.

| جۆری تاقیکردنەوە | Pearson Academic PTE | TOEFL PBT | TOEFL IBT | IELTS |
|---|---|---|---|---|
| نمرە | 58 | 541 | 72 | 6 |

سەبارەت بە تاقیکردنەوەی زمانی ئینگلیزی بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توژینەوەی زانستی دەبێت لە شارەکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر,دهۆک, سلێمانی) کرابێت یاخود لە و وولاتانەی کە زمانی دایکیان ئینگلیزیە وەکوو بەریتانیا و ئەمەریکا, ئوسترالیا و نیوزلەندە.
دوا مۆڵەت بۆ توانستی زمانی ئینگلیزی ٢٠١٩/٩/٣٠ دەبێت.
بە پێچەوانەوە پێشکەشکار وەرگرتنی هەڵدەوەشێتەوە بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی.

٥- هێنانی بەڵگەی پزیشکی کە پێشکەشکار هیچ نەخۆشیەکی گواستراوە (امراض الانتقالية)ی نیە هیچ گرفتیکی تەندروستی نیە کە بەربەست بێت لە بەردەوامبوون لە خوێندن.

٦- فۆرمی پێشکەشکردن (لە سایتی ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆریە پزیشکیەکان دانراوە WWW.KBMS.ORG

بەڕێوەبەری تۆمار

٧- تەمەنی پێشکەشکار نابێت لە (٤٥) ساڵ زیاتر بێت ئەگەر تەمەنی پێشکەشکار لە سەروی (٤٥) بوو ئەوە دەتوانێت بە شێوازی پاراللێل (Parallel) پێشکەش بکات .

٨- وێنەیەک لە کۆپی ڕەگەزنامەی عێراقی.

٩- بۆ ئەوانەی پێشکەشی خوێندنی پاراڵێل دەکەن نووسراوی لاری نەبوون مەرج نیە ئەگەر دانەمەزرابێت و مەرجی تەمەن و ڕەگەزنامەی عێراقی و نایانگرێتەوە.

**مەرجە تایبەتەکان:**

١. بەڵگەنامەی تەواوکردنی ساڵێك وەکو پزیشکی نیشتەجێ دێرین (مقيم أقدم) بۆ پسپۆڕیەتیەکانی :-

(ENT, Radiation Oncology, medical Oncology, Maxillofacial Surgery, Dermatology, Urology, General Surgery, Orthopedic, Neurosurgery, Ophthalmology).

٢. بەڵگەنامەی تەواوکردنی (١) ساڵ نیشتەجێ دێرین بۆ پسپۆڕیەتی Plastic Surgery

٣. بەڵگەنامەی تەواوکردنی دوو ساڵی خولی تیشك (دوره الاشعة) یاخود دوو ساڵ نیشتەجێ دێرین بۆ پسپۆڕیەتی ( Radiology).

٤. بۆ پسپۆڕیەتی (Clinical Hematology) بە دوو شێوەیە:

أ. ئەگەر هاتوو پێشکەشکار هەڵگری بڕوانامەی بۆرد یاخود هاوتای بۆرد (بۆردی هەناو) هەبێت ئەوا ڕاهێنان بۆ ماوەی (٣) ساڵ دەبێت و مەرجی بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی دەیانگرێتەوە.

ب. ئەگەر هاتوو پێشکەشکار هەڵگری بڕوانامەی بکلوریوس بوو ئەوا دەبێت خزمەتی ساڵێك وەکو پزیشکی نیشتەجێ دێرینی هەبێت لە یەکێك لەم بەشانە(هەناو, نەخۆشیەکانی خوێن , نەخۆشیەکانی گرێ (الاورام) وە مەرجی بڕوانامەی زمانی ئینگلیزی دەیانگرێتەوە و مەرجی پلەبەندی نایانگرێتەوە وە ڕاهێنان بۆ ماوەی (٥) ساڵ دەبێت.

بەڕێوەبەری تۆمار

جـ . هەڵگری بڕوانامەی بۆردی (Laboratory Hematology) خوێندن بۆ ماوەی (٤) ساڵ دەبێت.

٥. سەبارەت بە پسپۆریەکانی (Respiratory Medicine, Cardiovascular M., Nephrology, GIT) بە دوو شێوە دەبێت:-

أ. هەلگری بڕوانامەی بۆرد ڕاهێنانی بۆ ماوەی (٣) ساڵ دەبێت وە مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی دەیانگرێتەوە.

ب. هەلگری بڕوانامەی بکالوریوس ڕاهێنان بۆ ماوەی (٥) ساڵ دەبێت وە مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی دەیانگرێتەوە وە هەروەها دەبێت ساڵێك خزمەتی نیشتەجێ دێرینی هەبێت لەو بوارە یاخود لە بەشی هەناوی گشتی.

٦. بۆ پسپۆریەتی (Endocrine) تەنها بۆ هەلگرانی بروانامەی بۆرد و هاوتای بۆرد دەبێت و ماوەی خوێندن (٣) ساڵ دەبێت بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی دەیانگرێتەوە.

٧. بۆ بسپۆریەتی (Rheumatology) بە دوو شێوە دەبێت:

أ. هەلگرانی بڕوانامەی بکالوریۆس بە مەرجێك (یەك) ساڵ نیشتەجێی دێرینی هەبێت لە بەشی (Rheumatology) وە ماوەی خوێندن (٥) ساڵ دەبێت.

ب. هەلگرانی بڕوانامەی بۆرد و هاوتای بۆرد خوێندن بۆ ماوەی (٣) ساڵ دەبێت مەرجی زمانی ئینگلیزی دەیانگرێتەوە.

٨. بۆ پسپۆریەتی (Cardiothoracic & Vascular Surgery) دەبێت پێشکەشکار ساڵێك خزمەتی نیشتەجێ دێرینی لەو بوارە هەبێت یاخود دوو ساڵ لە نەشتەرگەری گشتی.

٩. بۆ پسپۆریەتی (Digestive surgery) دەبێت هەلگری بڕوانامەی بۆرد یاخود هاوتای بۆرد بێت لە نەشتەرگەری گشتی وە مەرجی زمانی ئینگلیزی دەیانگرێتەوە.

١٠. ئەم پسپۆرایەتیانە ماوەی پلەبەندی پێویست نی یە وەکو مەرج :

(Anesthesia, Emergency Medicine, Internal Medicine, Community Medicine, Psychiatry)

**تێبینی/** هەلگری بڕوانامەی (MRCP, MRCS, FRCP, FRCS) بە هاوتای بۆرد هەژمارناکرێن.

بەڕێوەبەری تۆمار

خوێندنی بۆرد لە ئە نجومەنەکەمان ئەم پسپۆریەتیانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

| No. | Specialties | | |
|---|---|---|---|
| 1. | General Surgery | 18. | Oral Medicine |
| 2. | Gynecology | 19. | Facio Maxillary |
| 3. | Internal Medicine | 20. | Cardiothoracic and Vascular |
| 4. | Laboratory Medicine | 21. | Pediatric |
| 5. | Radiation Oncology | 22. | Family Medicine |
| 6. | ENT | 23. | Plastic Surgery |
| 7. | GIT | 24. | Restorative dentistry |
| 8. | Urology | 25. | Medical Oncology |
| 9. | Radiology | 26. | Neurology |
| 10. | Orthopedic | 27. | Clinical Hematology |
| 11. | Neurosurgery | 28. | Dermatology |
| 12. | Psychiatry | 29. | Anesthesia |
| 13. | Emergency Medicine | 30. | Nephrology |
| 14. | Digestive surgery | 31. | Rheumatology |
| 15. | Respiratory Medicine | 32. | Ophthalmology |
| 16. | Cardiovascular Medicine | 33. | Endocrine |
| 17. | Community Medicine | | |

تێبینی/

- ماوەی پێشکەش کردن لە بەرواری ٣/ ٣/ ٢٠١٩ دەست پێدەکات تاکو ١٨/ ٤/ ٢٠١٩ کۆتایی دەوامی فەرمی.
- ڕۆژی تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە ٢٠١٩/٥/١٢ دەست پێدەکات دواتر خشتەی تاقیکردنەوەکان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی تاقیکردنەوەکان ڕادەگەیەندرێت.
- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە پێشکەشکردن دەتوانن پەیوەندی بە ژمارەیەوە بکەن (07502213363) تێبینی: جگە لە ڕۆژانی پشووی فەرمی لە کاتژمێر ٩:٠٠ بەیانی تاکو ١:٠٠ نیوەڕۆ ژمارەکە بەردەست دەبێت بۆ پەیوەندی کردن.

بەڕێوە[illegible]ەری تۆمار